**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٧١١ لە ٢٠٢٣/٢/٦**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨**

پاڵپشت بە هەردوو نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٦٦٦) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٥ و ژمارە (١٦٢١٤) لە ٢٠٢٢/١١/٩ کە تایبەت بە خەرج کردنی ڕێژەی (١٠%)ی داهاتی کرێی کارەبا و بڕگەی(سیانزەهەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بەڕێنماییە داراییەکان ژمارە(٦٩)لە ٢٠٢٢/١١/١٥ و نووسراوی وەزارەتی کارەبا ژمارە (٩٨٦) لە ٢٠٢٣/١/٢٢ بڕیاردرا بە :-

**یەکەم:** ڕێژەی(١٠٠%) داهاتی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی کارەبا لە پارێزگاکان بە داهاتی کۆتایی تۆمار دەکرێت بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ .

**دووەم:** خەرج کردنی ڕێژەی(١٠%)ی ئەم داهاتە بە مەبەستی هاندان و چارەسەرکردنی بارزۆری و چاککردنەوە و دەرهێنانی فیدەر و ئیشپێکردنی تۆڕەکانی کارەبا و گەیاندنی کارەبا و دابین کردنی کەلوپەلی پێویست بۆکۆگاکان و پڕۆژەکان و هاندانی ژمێرکاران و ستافی فرۆشتنی ووزە و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکانی وێستگەکان و فەرمانگەکانی کارەبا لەگەڵ دابین کردنی کەل و پەلی پێویست بۆ ڕاپەراندنی کارەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان .

**سێیەم:**

١- لە کۆتایی هەموو مانگێک هەر بەڕێوەبەرایەتی گشتییەک ڕێژەی(٨%) داهاتی خۆی لە چوارچێوەی ڕێژەی(١٠%)ی سەرەوە داوا دەکات بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ .

٢- هیچ نووسراوێک ئاراستەی وەزارەتی دارایی وئابووری نەکرێت بە مەبەستی خەرج کردن و دابین کردنی بابەتەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە .

٣- پێویستە ڕێژەی (٨%)ی سەرەوە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانەی تایبەت بە خۆی هەبێت لە بەڕێوەبەراتیە گشتییەکان بۆ ئەوەی بخرێتە سەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٤- خەرج کردنی پارەی سیستەمی فرۆشیاری ووزە بۆ پشتگیری کردن لە داهات .

**چوارەم:**

١- ڕێژەی(٢%)هاندان لە چوارچێوەی ڕێژەی(١٠%)ی سەرەوە بۆ هاندانی ژمێرکاران و ستافی فرۆشتنی ووزە و هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی دابەش کردنی کارەبا لە سنوری گەنجینەی پەیوەندار بەپێی ڕێنماییەکان و لیستی ئامادەکراو لە کۆتایی هەر دەورەیەکی چاپی پسوولەی هاوبەشانی کارەبا لە سەر بوودجەی ئاسایی خەرج دەکرێت بە مەرجێک لە ڕێژەی (٢%)ی داهاتی مانگانە تێپەرنەکات بەپێی کەشفی بانک و نابێت لەسەر داهات خەرج بکرێت .

٢- هەر عەدادێک لە شار و شارۆچکەکانی هەرێم بۆ مەبەستی دابەش کردنی پسوولەی کارەبا بڕی (٥٠) تەنها پەنجا دینار بۆ هەر پسوولەیەک هاندانی بۆ هەژمار دەکرێت .

٣- هەر عەدادێک بڕی پارەی داواکراوی (٧٠%)ی کەمتر لە ژمارەی پسوولەکانی دابەشکراو کۆ بکاتەوە بۆ هەر پسوولەیەک بڕی(٢٠٠) تەنها دوو سەد دینار بۆ خەرج دەکرێت .

٤- هەر عەدادێک بڕی پارەی داواکراوی(٧٠%)ی زیاتری کۆکردەوە بۆ هەر پسوولەیەکی سەروو(٧٠%)بڕی(٢٥٠) تەنها دوو سەد و پەنجا دیناری بۆ خەرج دەکرێت .

٥- هەر عەدادێک لە دەرەوەی و شارۆچکەکانی هەرێم بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە لە هەر بڕگەیەک دوو هێندەی بۆ هەژمار دەکرێت .

٦- خەرج کردنی بڕی (١٠٠)سەد دینار بۆ هەر پسولەیەکی خوێندنەوەی هاوبەشانی بەردەوام بۆ ئەو فەرمانبەرە ژمێریارانەی کە هەڵدەستن بە تۆمارکردنی زانیاری ژمێریاری و رێکخستنی دەفتەرەکانی وەرگرتن و تۆمارکردنی زانیاری و هێنانی لیستەکان و کاری هاووڵاتی و خەزنەدارەکان و کارمەندانی کەشف و ووردبینی پسولە و داخل کردنی داتا و زانیاریەکان و پشکنینی پێوەر و کەشف و بەستنی پێوەر و گۆرینی پێوەری کارەبا و مۆرکردنەوە بۆ کارمەندانی خزمەتگوزاری و پشکنینی پێوەری کارەبا وەکو هاندەر .

٧- أ.خەرج کردنی رێژەی(١%)قەرزی وەرگیراو بۆ ئەو لیژنەیەی کە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی قەرزی پارەی کارەبا کە لە دەورەکانی پێشوو ماوەتەوە بە مەرجێک هاندانەکانی لە (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە زیاتر نەبێت بۆ هەر کارمەندێک و ئەم قەرزە فەرمانگەکانی میری ناگرێتەوە و دیاری کردنی لیژنەکە بەفەرمانی کارگێری دەبێت لە پێنچ کەس زیاتر نەبێت .

ب.کرینی کەل و پەلی پێویست لە (اثاث و سپلیت و ئامێر و کۆمپیوتەر) بۆ بنکەکانی فرۆشیاری ووزە لەسەر داهاتی خۆیان لە رێگەی وەزارەتی دارایی وئابووری / ب.گشتی ژمێرکاری / ب.خەرجییەکان .

٨- چاککردنەوەی ئامێر و ئۆتۆمبێلەکان لەگەڵ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ فەرمانگەکانی کارەبا .

٩- بە کرێ گرتنی کرێکار بۆ کۆکردنەوەی داهات .

١٠- خەرج کردنی پارەی سیستەمی فرۆشیاری ووزە بۆ پشتگیری کردن لە داهات .

١١-نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا دوو دەرماڵەی هاندان پێکەوە خەرج بکرێت بۆ هەمان کەس .

١٢- نابێت بڕی هاندانەکە لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار زیاتر بێت بۆ هەر دەورەیەک و لە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠)سێ ملیۆن دینار زیاتر بێت ساڵانە .

**پێنجەم:**

١- نرخی پێوەر و پێوەلکاوەکانی بەپێ ی خشتەی خوارەوە دەبێت :

| ژ | جۆری پێوەر | تێچووی پێوەروپێوەلکاوەکان(دینار) | تێچووی بەستن (دینار) | تێچووی گشتی (دینار) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یەک ڕەوگە | ٨٠٠٠٠ | ٢١٧٥٠ | ١٠١٧٥٠ |
| ٢ | سێ ڕەوگە | ٣٤٠٠٠٠ | ٥٨٠٠٠ | ٣٩٧٠٠٠ |
| ٣ | سێ ڕەوگە سی تی | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٨٠٠٠ | ٣٥٨٠٠٠ |
| ٤ | سێ ڕەوگە سی تی و فی تی | ١٠٠٠٠٠٠ | ٥٨٠٠٠ | ١٠٥٨٠٠٠ |

٢- فرۆشتنی(پێوەری زیرەک,پێوەلکاوەکان و بەستن) بە یەک پسوولە(٣٧أ) دەبێت .

٣- خەرجکردنی پارەی(پێوەر و پێوەلکاوەکان) لەسەر هەمان ئەژماری وەزارەت دەبێت .

٤- ڕێژەی(١٠٠%)ی پارەی بەستن دەبێتە داهاتی کۆتایی بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و (١٠%)ی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کارەبا و بخرێتە سەر(٢%)ی فرۆشیاری ووزە و کارمەندانی بەستن .

٥- هەر جۆرە رسوماتێکی تر وەربگیرێت بەپێی پسوولەی پارە وەرگرتن بۆ گۆڕینی پێوەر یاخود گۆڕینی ڕەوگە یان هەر مامەلەیەکی تری فرۆشتنی ووزە ڕێنمایی وەزارەتی کارەبا ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٩ دەکرێتە بنەما.

**شەشەم:** سەرجەم خاڵەکانی سەرەوە بە ڕەچاوکردنی گشتاندنمان ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەبێت.

**حەوتەم:** کار بە ڕێنماییمان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ .

**شەشەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ ەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**